حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

### ژمارە (٢٠٦) لە ٢٠٢٣/٣/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە سەردانی شاندی باڵای حکومەتی فیدراڵ بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد شیاع سوودانی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٥) لە ٢٠٢٣/٣/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگیی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە ئەنجامدانی کاری پێویست لە پێناو بەرجەستەکردنی ماددەکانی (١١٢) و (١٣٢) لە دەستووری عێراق بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئیمتیازاتەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی وەک قوربانیان و زیانلێکەوتووانی دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق و قەرەبووکردنەوەیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵ.

٢. وەزارەت و فەرمانگە و لایەنە نەبەستراوەکان بە وەزارەت ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

ok

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران